# تەواوی هونەرمەندانی بەر لەخۆم

# کاریگەرییان لەسەرم بووە

ساڵی ١٣٤٣(١٩٦٤) لە شاری بۆکان لە دایك بووە. هەر لە مناڵییەوە خولیای وێنە کێشانی هەبووە و لە زۆر بەی چالاکیە هونەرییەکانی ناو قوتابخانەکان بەشداری هەبووە، ساڵی ٦٢(١٩٨٣) دیپلۆمی وەرگرت لە بەشی ئابووریدا ساڵی ٦٤-٦٦ سەربازیی کرد و ساڵی ٦٧ بۆزانکۆی هۆنەری تاران لە بەشی هونەریدا دەرچووە بە پلەی یەکەم . ساڵی ٧٢-٧٣ لیسانسی وەرگرت. دواتر دەگەڕێتەوە بۆ وڵات وفێرگەی هونەری بۆ لاوان سازدەکات، لەو ماوەیەدا تووشی تەنگ و چەڵەمەی زۆر دێت، بەڵام لە پێگەیاندن و فێرکردنی لاواندا هەروا بەردەوام دەبێت تا ساڵی ٧٨ بۆ فەوق لیسانس لە زانکۆی هونەری زانستگای ئازاد لە تاران دەرچوو ئێستاش کۆتایی بە وانەکانی هێناوە و تەواو بووە ، لە زانکۆی سلێمانی کۆلێژی هونەر خەریکی دەرس وتنەوەیە. ساڵهایە خەریکی کاری هونەرییە زیاتر لە شازدە پیشانگای کردووەتەوە کە زۆربەیان تاییەتی بوون. لە شارەکانی بۆکان، سنە،و سەقز و بانە و تاران و ستۆکهۆڵم پیشانگای بووە، بەشداری زیاتر لە بیست و پێنج پێشانگای هاوبەشی کردووە، ئێستاش ئەم پێشانگایەی بە ناوی ئێکس پلاستیك لە شاری سلێمانی کردووەتەوە، زیاتر لە سەرشێوازی نوێ کار ئەکات.لە سەر ماتریاڵی نایلۆن و ئەو شتانەی فڕێ ئەدرێت، پرسیارەکانی ئێمە زیاتر لەسەر ئەم پێشانگا نوێیەی هونەرمەند بوو بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی کارەکانی هونەرمەند بیرو بۆچوونی چەند هونەرمەند ڕۆشنبیرێکمان لەو بارەیەوە وەرگرت کە لە پێشانگاکەدا ئامادەییان هەبوو .

دیداری: ***عومەر کەریم بەرزنجی***





- **ئایا بۆچی لە کارەکانتاندا ئەو جۆرە ماتریالەتان بەکارهێناوە، ئایا بەتەنها پیسبوونی ژینگە فاکتەری سەرەکی ئەو کارە بووە یاخود پاڵنەرێکی دیکە هەیە؟.**



- ❖ **مومکینە چەندین شتی دیکە بووبێ بۆ ئەو هەڵوێستەی من، بەڵام ئەو شتەی زیاتر لە هەموو شتێك شوێنی لەسەر من داناوە، ئەوە بووە کە من بە دەوروو بەری خۆمەوە، بە دەوروو بەری شارەکەمەوە، بە دەوروو بەری گوندەکانەوە دەمدی کە ئەو موادو ماتریالانە وڵاتی زۆر پیس کردووە، ژینگەی زۆر پیس کردووە،ئەو شتەم دەگەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە خەڵك لەو شتە حاڵی نەبووە، واتا وەکو چۆن گرکەیەك خرچەیەك دەخوات و تویکڵەکەی لە پەنجەرەکەوە فڕێدەداتە دەرێ پێی وایە کە ئەمە ئاژەڵێك دێت دەیخوا، پێیان وایە ئەمەش زوو لەبەین دەچێت، لەناو دەچێت، لەبەر ئەوە ئەوان نەیان ئەزانی دەبێت زیاتر لە پێنج سەد ساڵ بخایەنێت، تا ئەوە بێتەوە نێو ئیکۆریستەم و چەرخەی ژینگە، من رقم لە تەکنەلۆژیا نیە چونکە ئێستا ئێمە وڵاتێکی ئەوەندە پێشکەوتوونین کە بڵێین ئەوە دوکەڵی کارخانەکان خەریکە ئێمە خەفەدەکات، ئێمە وڵاتێکین لە بابەت تەکنەلۆژیاییەوە ئەوەندە دەوڵەمەند نین تا بڵێین ئەوە ئیدی ئینسان بۆتە کێچ و مۆرەیەك وەکو مەسەلەن شتێکی صەنعەتی، ئەوەم پێخۆشە کە وڵاتی ئێمە تەکنەلۆژیایی بێ بەڵام وڵاتی ئێمە چۆن کەڵك لەو تەکنەلۆژیایە وەردەگرێت، ئەو موادو ماتریالانەی فڕێدراون من ئەوانە دیسان دێنمەوەو وەکو شتێکی باشی هونەری وەکو رێك و پێك کردنێك لە تابلۆکاندا پیشانی خەڵکی دەدەمەوە دیسان.**

- **ئەکادیمی بوون چی رۆڵێك دەگێڕێت لەسەر کارو بەرهەمی هونەرمەند، بەتایبەتی کە ئێوە کەسێکی ئەکادیمین؟.**

- ❖ **ئەکادیمی هەنگاوی یەکەمە بۆ فێربوون، وەکوو ئێمە چۆن بۆ نموونە پۆلی یەك و دووی سەرەتایی وانە دەخوێنین، مامۆستاکە پێمان ناڵێ محمود تۆ دەبی بەنووسەر، فلان کەس تۆ دەبی بە شاعیر، لە پێشدا تاعینی ناکا، بەڵکو ئەو لە پێشدا فێری ئەوەمان دەکا کە ئێمە چۆن بنووسین چۆن رستەیەك درووست بکەین فاعیل لە کوێیە مەسەلەن مفعول لە کوێیە فلان لە کوێیە یەعنی دروستەکەی بەکاربێنین، ئیدی ئەوە ساڵەهای دواتر دوای ئەوە کە ئێمە ئەو شتە فێربووین کەسێك دەبێ بەهونەرمەند کەسێك دەبێ بەهیچ کەسێکی تر دەبێ بە فلانە شت، یەعنی ئەکادیمی ئێمە فێری ئەو رێك و پێکیە دەکات، ئێمە فێری رێبازەکان دەکات، بەڵام ئێمە ناکات بەهونەرمەند، واتا ئەوە خۆمان و لە دەروونی خۆماندایە، ئەو سۆزە دەبێ لە دەروونی تۆدا ببێت.**

- بۆچی کارەکانتان شێوەیەکی ئەندازەییان هەیە، مەبەست لە ئەندازەیی تابلۆکانتان چییە؟.

❖ ئەوە سکرێتە نایگێڕمەوە، بەڵام ئەوەی کە قەوارەکەی ئاوا رووبەسەرێیە، باسی فەلسەفەی تازەیە، ئەگەر تەماشاکەن ئیدی بەشەر لە حاڵەتی خۆپانکردنەوە وەکو ئەوەنیە هێڵی ئاسۆیی ئیدی ئەوە نەماوە، بەڵکو ئیدی هەموو شتێ بەرەو ستوونی بوون دەڕوا، باسێکە لە پۆست مۆدێرندا هەیە، باسی جەمعیەتە، باسی حەشیمەتە، باسی زۆربوونی ئینسانەکانە، دیارە ئیدی تۆ ناتوانی شارەکان ئیدارە بکەی، لەبەر ئەوە بورج دروست دەکرێت، شوقە درووست دەبێت واتا حاڵەتی بۆسەرێ چوونە، منیش تابلۆکانم یەك باس لەوە دەکات، یەك لە قەوارەی ئینسانیدا ئینسانێکی موتەکامل بە ٢,١٣میتر.

- ئایا کاریگەری هونەرمەندانی جیهانی و کەسانی دەوروبەرتان لەسەرە؟.

❖ تەواوی هونەرمەندانی بەر لەخۆم کاریگەرییان لەسەرم بووە، هارەی ئەو فڕۆکەیە وادەڕوات، جریوەی ئەو مەلەی وا دەجریوێنێ، تەلەبەکانم، شەوێ کە خەونێ دەبینم، چاو لە تەلەفزیۆن دەکەم تەواوی ئەو شتانەی وا لە دەورو بەرمدان هەموو کاریگەرییان هەیە، جۆزێف بۆیس هونەرمەندێکی گەورەبووە، دادایستەکان، مارسێل دۆشامبۆ، ئەوانە شوێنیان لە سەرمان بووە، ئەوانە کاریگەرییان لە سەرم بووە، هەرچەندە من کارەکانم لە قۆناخی کانسێپتدان، ئەوانەش لایەکن کە دوای جۆیس بۆیس وەهەروەها بیسلا مینی مال کردن خولاسەکردن و سادەکردنەوە، کانسێپت یا هونەری چەمکی، وە ئەنیستەلایت واتا دامەزراندنی ماتریاڵەکان لە خودی صالۆنەکە بۆ ئەوەی کە بینەر دێت بینەرەکانیش ببن بەبەشێك لە کارەکەی من.

## هیوا دۆمان

## شێوەکار



بەنیسبەت کارەکانی کاك نامۆ من هێندە بینینی خۆم بۆی هەیە،لەبەر ئەوەی نزیکە لە کارەکانی خۆم، هێندەی ماتریاڵ و بوونی ماتریاڵ و جوانیەکانی ماتریاڵ لە دیدی هونەریەوە روانگەیەکی تری هەیە بەوەی کە گشت خەڵك ئەو ماتریاڵەی کە بەکاری دەهێنێت فەترەیەك بۆ جوانیەکان لای دەمێنێتەوە،لە دوای ماوەیەك فڕێ دەدرێ و دەکرێتە زبڵ خانەوە، بەڵام لێرەوە چاوی شێوەکارێ یا هونەرمەندێ ئەوەیە کە لە دنیایەکی جوانیەوە، دنیایەکی ئیستاتیکاوە جارێکی کە ئەو مادە فرێدراوانە دەخاتەوە بەردەمی ئەو بینەرەی کە خۆی بەکاری هێناوە بەڵام بەشێوازێکی تر، واتا بوونە ئەساسیەکەی

خۆی ماتریاڵەکەی خۆی دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئێستا لەوانەیە لەم پێشانگایەدا کە دەیبینین کۆمەڵێك ئەشیای تیایە کۆمەڵێك شکڵی تیایە ئەم شکڵانە رۆژانە هەموو چین و توێژەکان بەکاری دێنن، بەڵام ئەم بەشێوەیەك بەکاری دێنێ جارێکی کە دێتەوە گۆڕانکاری لەو بوونی ماتریاڵا دەکا بە شێوازێکی تر دەری دەبڕێ، ئەو چەقۆیەی کە بەکاری هێناوەو لەسەر رووبەری تەختەیەك چەسپی کردووە، لای خەڵك بەدوو شێوە بەکار دەهێنرێ، یا بۆ کوشتنە، یا بۆ پێداویستی رۆژانەیە، بەڵام لێرەوە دێتەوە لەگەڵ ئاوێنەیەکی شکاوا بەتۆی پیشان دەداتەوە، کەواتە لێرە دنیابینی تۆ چییە بۆ ئەو چەقۆیە کە جارێکی تر دەکەوێتەوە بەردەست تۆ، یاخود تۆ مرۆڤێکی پێ لەناو دەبەی، واتا کۆمەلێ شتی تر.

سەرنجی من وەکوو بوونی رەخنە پێشانگاکە قەرەباڵخە واتا لەرووی دانانی شکڵەکانەوە، لەوانەیە ئەو بینەرەی کە زیاتر بینەری هونەرییە تەئەمولی کەم بێ تەئەمول کەم کا چونکە بۆشایی لە بەینیانا زۆر کەمە ئەبوو کاك نامۆ پەیڕەوی ئەوەی بکردایە گەورەیی ئەو گەلەرییە چەندە هێندە لەوحاتی دابنایە، نەك بەوەی هەرچی بەرهەمێکی درووست کردبێت بێت پەخشی بکات دوای ئەوە ناوەڕاستی گەلەرییەکەی بەکارێکی تر دابەش کردووە، لەوانەیە ئەو کارانە پێویستی بەوەبێت دوورکەویتەوە لێی بۆ ئەوەی گۆشەنیگای تۆ ببینین.

لەبەر ئەوەی گۆڕانەکان یەك لەدوای یەکەو بەسورعەتە، واتا ئەم دنیابینەی ئێستا کاك نامۆ کردوویەتی کارێکە لە دنیای مۆدێرنە تێدەپەڕێ، دەچێتە پۆست مۆدێرنەوە باس لە جارێکیتر گەڕانەوەی ماتریاڵەکانە،نایەتەوە بەو ئیحساسە جوانەی کە داڤینشی دانیشتووە لەوحەیەکی جۆرنیکای کردووە، یا رافایل دێت جارێکی تر قەدیست بۆ دروست دەکا، بەو روئیابینە ئیستاتیکا وردە ناسکیەوەنا، یەتەوە جارێکیتر بەکارێکی بڵێین لەوانەیە بینینێکی سەریعەوە سورعەتەوە، چونکە بۆ ئەگەڕێتەوە بۆ ئەمە،دنیای پۆستەرییە، دنیای پۆستەرییە بۆ ئەوەی کە تۆ بتوانی شتەکان بە سەریع بگەیەنیت بەخەڵك.

## وریا بوداغی

## خوێندکاری کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی صلاحدین



بەنیسبەت کارەکانی مامۆستا نامۆوە دیارە وەکو چ لە بواری پراکتیك وە ناوەرۆك یەکێکە لەو هەوڵە جدییانەی کە لە بواری هونەری مینیماڵ ئارت و کانسێب ئارت دراوە لە کوردستان، دوو شێوازی سەرەکی زاڵە بەسەر کارەکاندا مینیماڵ ئارت و کانسێب ٤ ئارت لە هەردووکیانا ئەو حاڵەتی ئەبستراکت بوونی بابەتەکان زاڵە واتا بابەت زۆر زوو وەبەئاسانی و بەسانایی خۆی بەدەستەوە نادات زەحمەتیەکی زۆری دەوێ بۆ ئەوەی کە دەرتەنگی ئەو بەهەمە بتوانێ ئەو پرۆسەی پەیوەندی گرتن بەشێوەیەکی باش بەشێوەیەکی کامڵ بەئەنجام بگەیەنێت، خوێندنەوەی تایبەتی دەوێت،

لێکۆڵینەوەی تایبەتی دەوێت لەسەر کارەکان وەکو ماتریاڵ لە کۆمەڵێك ماتریاڵی تازە وەکو نایلۆن و پلاستیك و عەلاگەو ئەو شتە بەکاربراوانە ئەوانەی کە بەکار دەبرێن و مەسرەف دەکرێن و بایەخێکیان نامێنێت لە کۆمەڵگاو فڕێدەدرێنە سەر شەقام و کۆڵان و زبڵخانەکان، کەڵکی وەرگرتووە.
ئەمەیان بایەخ بەخشینەوەیەکی دووبارەیە بەو کەرەسانەی بێبایەخ دەبن لە کۆمەڵگادا ئیشیان پێدەکرێ و فڕێدەدرێن وە ئیستاتیکایەکی تر وەردەگرێ واتا جۆرێکی تر هونەرمەند لێرەدا تعامولی لە گەڵ ئەو کەرەسانە کردووە و دیارە خۆی لەگەڵ ئەم کەرەسانە تعامولێکە خۆشی هەبووە کە بەکاری هێناوە بۆ بەرهەمەکەی مەسەلەیەکی تر کە بۆمن زۆر گرنگە لێرەشدا لەو مینماڵ ئارت و کانسب ٤ ئارتە بەتایبەت کە سالأنێکە من لەگەڵ مامۆستا نامۆ شارەزای کارەکەی هەم ئەو بەردەوامیە لەگەڵ ئەو حالەتە ئیکس پریسیۆنیزمانەیە لە کارەکانیدا بۆ وێنە تۆ لێرە دەبینیت بوکەڵەو ئەوانە بەسەقەتی دانراوە واتا ژیانێکی نائاسایی ژیانێکی غەیرە نۆرماڵ، نا نۆرماڵ پیشاندراوە تەبیعیە ئەمەش دەوروبەرە ئەو فەزایەی کە مامۆستا ئیشی تێدادەکا وەکو کوردستان بەگشتی وەخۆی وەکو کەسێکی کورد لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك گرفت و تراژیدی وە کۆمەڵێك شتی تر کە دۆخێکی نالەبارو نائاسایی، نائاساییە بۆ کەسایەتیەکی لەم شێوەیە وەکو مامۆستا رەنگی داوەتەوە لە بەرهەمەکانیدا بەشێوەیەکی گشتی من لەگەڵ ئەوەدام کە لە سەرەتای پرۆژەکەوە تەقریبەن ئاشنابووم بەکارەکان بەلأم بۆمن هەردەم تازەگی هەیە، هەردەم بۆ من پرسیار سازدەکات بەشێوەیەکی گشتی دەستخۆشی لێدەکەم.



## زیرەك میرە

## هونەرمەند

سەرەتا من دەستخۆشیەکی یەکجار زۆر لە هونەرمەن نامۆ دەکەم بەڕاستی ئەوەی کە من لەم نمایشەیا بینیم یالێی حالێ بووم ئەوەیە کە پەیامێکی زۆر جوان یا مەستیەکی زۆرجوان بۆ تەواوی ئینسانەکان تەواوی مرۆڤەکان ئەویش ئەوەیە با هەمووومان ئاگامان لە ژینگەبێت، هەمووومان ژینگە بپارێزین بۆ ئەوەی ژیانێکی تەندروست و چاوێکی تەندرووستمان هەبێت.





## ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

## نووسەرو وەرگێڕ

لە نزیکەوە لەگەڵ خودی کارەکانی پێشووی ئاشنایەتیم هەیە جیاوازییەکی زۆر بەرچاو دەبینم لەگەڵ زۆربەی کارە هونەرییەکانی کە تا ئێستا ئێمە دیتومانە چ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان وە چ لە باشوری کوردستان سەرنج بەو موجەرەدبوونە بەو تەنیابوونە فیکرییە دەکەین کە توانیویەتی تارادەیەکی زۆر بەتاك وەك فکرێکی سەربەخۆ بناسێنێت، ڕۆچوون بەناو فکرەکاندا کە کاك نامۆ تا ئێستا لە کارەکانیدا نیشانی داوە ناچێتە نێو ئەو قۆناغە گشتیەی کە هونەر وەك هەڵگری پەیام وەك هەڵگری ئەو پەیامە جەماوەرییە کە بیەوێ ڕەهبەرییەتێکی ڕزگاری دەری هەبێت کە بەداخەوە ئێمە لە زۆر شوێندا دەبینین ئاستی هونەرمەن تارادەیەك دێننە خوارێ کە پێی دەگوترێت مەبەستت لەم کارە چییە واتا هێنانەخوارێی ئاستی کاری هونەری بۆ رادەیەك کە هەمووکەس تێی بگا، ئێمە دەبینین کاتێك سەرنجی تابلۆیەکی هونەری دەدەین کە هەرچەند بڵێین تێکەڵاوێکە لە کاری ئەنیستلەیشن وە تێکەڵاوێکە لە ئێکسپریسیۆنیزم ئەم شێوازە کارانە قودرەتی لێکدانەوەو شرۆڤە بەبینەر بەبەردەنگی خۆی دەدا، دەتوانێت بەیەك لە هەرکام لە بەرهەمە هونەرییەکاندا بۆخۆی دیدێك وە دنیایەکی تازەی تێدا بدۆزێتەوە تۆ ئەگەر لە کارەکانی رابردوودا سەرنجت دەدا تەنیاو تەنیا کۆپیەك یان جۆرێك خوێندنەوەیەکی سادەی دەوروبەری خود بوو بەلام ئێستا ئێمە بەوکارانە دەبینین کە خودی کارەکان توانیویەتی خوێندنەوەیەکی تازەتر خوێندنەوەیەکمان پێبدا کە لە هەر تێڕامانێك لە هەر دیتنی کارەکاندا دنیایەکی نوێتر بدۆزییەوە من پێم وایە لە نموونەی هەرەبەرجەستەی خودی کارەکانیش دەتوانێت ئاماژە بەو تەنیابوونەوەی خودی هونەرمەندیش بکا وە هونەرمەند وەك تاکێك نەك وەك خودی شەخسی مامۆستا محمد ڕۆستەم زادە وەك تاکێك کە تاکی کۆمەڵگای ئێمە هەمیشە تەنیابووە دیارە لە ڕواڵەتدا تێکەڵاوی کۆمەڵگایە بەلام هەرکام لە تاکەکانی ئێمەش بەخوێندنەوەی تابلۆکان دەبینین ئاماژەیەکە بەوتەنیابوونەی کەهیچ چەشنە متمانەیەك هیچ چەشنە

بنچینەی لەخۆیدا لە کۆمەڵگای خۆیدا نادۆزێتەوە، ئەمەیش دیارە بەکاریگەری دەوروبەری خۆی بەکاریگەری سیاسەتێتی بەکاریگەری ئابوریەتی بەکاریگەری دەگەڕێتەوەسەر خودی ئەو نەتەوەیەی کە ئێستا بۆی پێناسە نەکراوە یەعنی ئەوانە دەتوانێت بەشێکی بچوك بێت لە کاریگەری تاك نموونە هەرە بەرچاوەکەش لە هەستێکی هونەرمەند کە بەدیدێکی زۆر قوڵتر بەدیدێکی زۆر تازەتر لە کارەکانیدا رەنگ دەداتەوە، نمونە هەرە بەرچاوەکانی کاك نامۆش ئەو تەنیاییەی مرۆڤی کوردە کە دەتوانێت رەخنەبێت لەو کۆمەڵگایەی کە بەناو کۆمەڵگایە لەو سیاسەتەی کە بەناو سیاسەتە، لە بەشێك لە تابلۆکانیدا تورەبوون دەبینی، لە سەرجەم کارەکانی تۆ دەبینی هێڵ دابڕان واتا لەت بوونی تێدایە من پێم وایە ئەم دەتوانێت لایەنی هەرە بەرچاوی ئەم کارانە بێت کە مرۆڤی کورد بەتەواوی مانا دەتوانێت نیشانبدا تۆ ئەگەر سەرنج دەدەیت لە باری کلتوریشەوە لە باری ئەخلاقی کۆمەڵایەتیشەوە هەر هەستی پێدەکەیت لە باری کلتوری تاکەوە تۆ سەرنج دەی لە هەرە سادەکەی ئێمە بڕوانین کۆکردنەوەی ئەو ماتریاڵانەیە کە بۆ من و تۆ بەکارنایە من و تۆیەکی ئاسایی کە پێمان وایە بەکەڵك نایەت پێمان وایە تازە بەکارهێنانی تەواوبووە تەمەنی تەواو بووە بەڵام لە کارە هونەرییەکانی ئەم پێشانگایە ئێکس پلاستیك رۆحی تازەتری تێدایە ئیتر لە دواییدا کە دەچیتە ناو تەعبیرەکانیەوە من رەگەزێکی بەرچاوی تر لە کارەکاندا دەبینم گەڕانەوە بۆ ئوستورەی کوردە نمونە لە زۆربەی کارەکاندا هەست بەو ئوستورەی کوردە دەکریٚ وەك خۆر بەو مانایەی کە لە کوردا رەنگ دانەوەی بووە من لایەنی پۆزەتیفی کارەکان بەم شێوەیە کۆتایی بەقسەکانم دێنم لێك نزیك کردنی رۆحیەتی کورد وە تێکەڵ بە شێوازە نوێکانی جیهانی من پێم وایە گەورەترین سەرکەوتنی لەم پێشانگایەدا هەبووە واتا دەرکێکی تەواو مانا لە بۆچوون و بیرۆکەی جیهانی وە لە کەنار ئەوەدا کوردانەنێتی کە دەبینین لە هەرکام لە کارەکاندا رەگەزێکی کوردی تێدادەدۆزیینەوە.





*هەندێك لەم کارە هونەرییانەو زۆرێك لە زانیارییەکانم لەسەر ژیانی هونەرمەند لە ماڵپەڕی www.rojhalat.de وەرگرتووە، تەنها سیٚ کاریان لە پێشانگا نوێیەکەدا نمایش کراون ئەوانەش لە بیرووبۆچوونی ئەو بەرێزانەدا کە لەسەر پێشانگاکە دواون ئاماژەیان بۆ کراوە،واتا بووکەڵەکان و چەقۆو ئاوێنەکەو دەستەکان کە بەرەوخۆر بەرز بوونەتەوە..

هیچ رۆژنامەو گۆڤارو چا پەمەنییەك بۆی نییە بەبیٚ پرس بلاوی بکاتەوە